## مام جلالو مافی مرۆڤەكەی عەیارە چەندە؟؟ ... جەمال چاوشین

زۆر دەمێكە كورد دەڵێ سواربوون عەیبێكو دابەزین دوو عەیب ، مەبەستم لەم پەندە كوردیە ئەوە بوو لەكاتێكدا مام جلال باس لەمافی مرۆڤ دەكات ئەگەر لەو باسە تێنەگات ئەوە عەیبێكە ئەگەر بەكردەوەش نەیسەلمێنێ ئەوە عەیبێكی ترە مانای دوو عەیب ڕووبەڕووی مام جلال دەبێتەوە.

لەوەتەی مام جلال بەبێ هەڵبژاردن لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە و بەشێوەی تاعینكردن لەلایەن كاك مەسعود بەرزانیەوە بووە بەسەرۆك كۆماری عێراق هێندە كوژراوی عێراق چێتی‌یە كەلەبیری چۆتەوە خەڵكی كوردستانەو هەرهیچ نەبێ بۆ كاتی پشوو وەرگرتنی خۆی دێتەوە بۆ كوردستانو ماوەی پشووەكەی بەخۆشی لە سلێمانی بەسەر ئەبات لەگەڵ ئەمانەشدا تەنها بەعەرەبی ئاساییەوە ناوەستێ ، عەرەبە پیاو كوژو فرۆكەوانە مەرگ چێنەكانی عەرەبیش دەعواتی كوردستان دەكاتو ئەیەوێت بێن لەكوردستان بژینو بۆ خزمەت كردنیان چەندین منداڵو ئافرەتی بەجێماوی ئەنفالەكان بكات بەخزمەتچیان، تاكو بیسەلمێنێ بۆ ئەو عەرەبە كورد كوژانە كە مام جلال هێندەی عێراق چیە هێندە كوردستانی نیەو بیری لەكوردستانێك نەكردۆتەوە كەچەندین ڕۆڵەی ئەم گەلە خوێنیان بۆ ئازادیو سەربەخۆیەكەی بەخشی.

ئەم كارو كردەوانەی مامە بەهەر حاڵ لەبەر ئەوەی ئازادە چۆن بیر ئەكاتەوە چونكە مێژوو شاهیدە بۆ هەموو كەسێكی وەك مام جلالو هەموو ئەو سەركردانەی كە یاری بە پیرۆزیەكانی ئەم میللەتە دەكەن ، لەهەمووی سەیر تر ئەوەیە كەمام جلال باس لە مافو بەرنامەیەكی نەتەوەیەكگرتووەكان دەكات بەناوی مافی مرۆڤەوە كە بەهیچ شێوەیەك مام جلال خۆی باوەڕی پێی نیەو هەر بەگاڵتە جاڕیشی زانیوە ، بەڵام لەبەدبەختی ئەم كوردە هەژارە ئێستا مام جلالمان لێبووە بە كووفی ئەنانو باس لەمافەكانی مرۆڤ دەكات. من لێرەوە پرسیارێك دەكەم ئایە ؟ ئەو كاتەی كە كاك ووریای كۆمەڵەو ئەندامی سەركردایەتیت بەتەورەكەی دەستی كاك جبار فرمان كوشت مافی مرۆڤ بوونی هەبوو یان هێشتا بە تۆی بەڕێز نەگەشتبوو.

ئایە ؟ ئەو كاتەی لەبەر تاكرەویو دیكتاتۆریەتی تۆی بەڕێز لەناو یەكێتی نیشتیمانی كوردستان گروپێك جیا بوونەوەی ناویان( ئاڵای شۆڕش) بوو ،، بەهەمان شێوەی ئێستا لەبەر ڕۆشنایی مافی مرۆڤ بووكە كاك مەلا بەختیارت (3 مانگ) لەناو بەرمیلێكدا زیندانی كرد .

لەسەر دەمانێك كە شەڕی براكوژی سەرتاپایی هەمووماڵێكی كوردی گرتبووەو برات كردبوو بەدوژمنی برا ، ئایە ئەو كاتانە كتێبی مافەكانی مرۆڤت نەخوێندبووەوە كەتێبگەی ئەو دایكانەش مافیان هەیەو پێوویست ناكات لەبەر كینەی خۆت بەرامبەر بەبنەماڵەی بەرزانی بەكوشتیان بدەی ،، یان ئەو كاتانەش هەر وەك ئێستا بەرامبەر بەكورد مافی مرۆڤت وەك پێڵاوەكانت لەپێ كردبوو ، من نازانم مافی مرۆڤ ئەو سەردەمانە بوونی هەبوو یاخود بوونی نەبوو كە بەئاگاداری تۆی سەركردەو ڕابەری نەتەوەو پرۆلیتاریا كە جەبار فرمان لەتۆڵەی مەحمودی مامە عەزە 19 پێشمەرگەی پارتی بەزیندووی كوشت ، ئەو كاتە مام

جلالی سەرۆكو مامۆستای ئاشتی نەگەشتبووە ئەو لاپەڕەیەی كەباس لەمافی مرۆڤ دەكات لەنووسراوەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان‌دا.

كەسێك نیە بەباشی لەناخی دڵت تێبگات بەرامبەر بە كوردو كودستان تەنها ووتەو كردەوەكانت شاهیدن بەرامبەر بە ئەو بیركردنەوانەت بۆ ئێستاو ئایندەی گەلی كورد، لەكاتی كوشتنەكەی شەهید غەریب هەڵەدنی لەگەڵ شەهید سۆرانی حیزبی شیوعی‌دا بەئاشكرا دایكی شەهید غەریب ووتی كوڕی من مام جلال بەكوشتی داو هەروەها ئەمەوێت ئەو پرسیارە بكەم ئایە؟ مافی مرۆڤ ئەو سەردەمانە نەگەشتبووە كوردستان كە محمود سەنگاوی ڕێگە پێدراوی بەڕێزت بەبلۆك سۆرانی كوشت ئەتوانم بڵێم خۆم بوونم هەبوو لەو جێگەیەی كە سۆرانی حیزبی شیوعیان لێكوشت.

ئەم ڕۆژگارانەی كەعێراقو عێراقیەكانی تێدا ئەژی نەك هەر ژیان نیە بەڵكو هەموو سەعاتێك جارێك ئەمرن‌و زیندوو ئەبنەوە بەهۆی كاری تیرۆرستی‌و كردەوە ناشیرینەكانی كۆنە بەعسیەكانەوە كەئێستاش بەخەیاڵی گڵاویان ئەیانەوێت بۆ كورسی دەسەڵات بگەڕێنەوەو دانیشتوانی عێراق بكەنەوە بەكۆیلەو كەڵبەیان لە گیانی ئەو میللەتە داماوە گیر بكەنەوە بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو خراپیەیانداو گیرانی سەرە زلە تاوانبارەكانیان ئامادەكردنیان بۆ بەردەم دادگای گەلی عێراقی تاكو تۆڵەی ئەو هەموو بێتاوانەیان لێبكرێتەوە ، مام جلالی سەرۆك كۆمار نەك دەنگی نەخستۆتە پاڵ دەنگی هەژارانی عێراق و سوور بێت لەسەر وەرگرتنەوەی مافی هەژاران بەدادگای كردنی تاوانباران‌و گەیاندنیان بەسزای گەل ، لەبەرامبەردا داوا دەكات كەماڵو منداڵی سەدامی كورد كوژ بێن بۆ كوردستان‌و بەڵێنیان پێدەدات كەیەكێتی‌و مامی خۆیان ئەیان پارێزێ، كوردستانی بۆ كردوون بەمۆزەخانەی پاراستنی شتی عەنتیكە چونكە ئەوا بەنیسبەت مرۆڤایەتیەوە وەك كەلووپەلی عەنتیكەوان هێندە تاوان بارن مافی مرۆڤ شەرم دەكات كەئەوانەبگرێتەوە بە منداڵەكانیشیانەوە . بەڵام ئەم كاسەیە بێ ژێر كاسە نیە ئەگەر ترسی ئەوە نەبێت كەسەدام حسێن‌و بەرزان‌و كێو كێ هەندێ ڕاستی هەیە نەوەك ئاشكرای بكەن ، بەرزان تكریتیەك بەهیچ شێوەیەك نەیزانیبێ مافی مرۆڤ مانای چی مرۆڤیان دەرخواردی پڵنگ دابێ بەدیار مردنەكەیەوە مەشروبیان خواردبێتەوە ئاهەنگیان گێڕابێ ئایە ئەگەر چاو شۆڕ كردن نەبێت چیە كە داوا بكرێت لە زیندان دەربكرێتو ببرێت بۆ نەخۆشخانە تاكو چارە سەر بكرێت ،

مام جلال ئەگەر مافی مرۆڤت مەبەستە بۆ ئاوڕێك لە كەركوكیەكان نادەیتەوەو لەژێر خێمە دەریان ناكەیت یاخود تكایان بۆ بكە لەلای تیرۆرستان تاكو هێندە نەیانكوژن پێیان بڵێ ئەوە سەركردەیەكی كورد دڵسۆزی خۆی بۆ سەركردە زیندانیەكەتان دەر ئەبڕێو لەهەوڵی ڕزگاركردنیایە ئێوەش كورد كوشتنەكەتان كەم بكەنەوەو، ئەگەر هێندە مافی مرۆڤت مەبەستە بۆچی لەگەڵ كاك مەسعودی برادەرتا ماڵی كورد یەك ناخەنەوەو ئەو ئیدارانە ناكەنەوە بەیەك بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاتر ئەبێت كە بەتێكڕایی گەلی كورد داوای یەكخستنەوەی نێوماڵی كوردی دەكات ، دیارە ئەو مافی مرۆڤە وەك برنجی بێوەژنانەكەی سلێمانی شمولی كورد ناكات تەنها بۆ عەرەبی چاوڕەشە لەبەر ئەوەی ئەوان لە پێغەمبەرو قورئانەوە نزیكن .